# بناخەکانی عیلمی سیاسەت

## بەشی سێهەم

نووسینی عەبدولرەحمان عالم          وەرگێڕ: ب ـ پەژار

**مەیدانی عیلمی سیاسەت:**

لە دوای پێناسە کردنی عیلمی سیاسەت، ئێستا دەبێ مەیدانەکانی دیاری بکرێ. فەرهەنگستانی زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمریکا، لە ٢٨ و ٢٩ ی دیسامبری ١٩٦٥، بۆ باس کردن لە بارەی مەیدان، ئامانجەکان و ڕێوشوێنەکانی عیلمی سیاسەت کونفرانسێکیان لە لە فیلادلفیا وەڕێ خست. ئالفرێد دوگرازیا، دەیوید ئیستۆن، هەری ئیگشتن، هانس مورگنتا، نورمەن پالمەر و چەند زانای دیکە بۆ بەشداری کردن لە باسەکانی ئەو کونفرانسە بانگ کرا بوون.

لەو کونفرانسەدا ئەوە هاتە بەر باس کە ناکرێ سنوری ڕێك و دیاری زانستی سیاسی بە ئاسانی دەست نیشان بکرێ. هیچ لایەنێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی نیە کە لە گەڵ سیاسەت لە پەیوەندیدا نەبێ و لە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی عیلمی سیاسەتدا خۆ نەبینێتەوە. بەو پێ یە زانستی سیاسەت لە زۆربەی مەیدانەکانی لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی بەشی هەیە و لە گەڵ بەشە زانستیەکانی وەك مێژوو، ئابووری، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، کۆمەڵایەتی، ڕەوشت، ماف، سەرژمێری، جوغرافی(ژئوپۆلۆتیك) و بەشەکانی دیکە پەیوەندی هەیە. بەڵام هەر وەك دەیبینین، زانستی سیاسەت سەرنجی بۆ لاێیکە کە لێکۆڵینەوەکانی لە سەر دەکرێ. هەروەها کەلوپەل و بەرهەمی تایبەت بە خۆی هەیە.

زانستی سیاسەت، تێکۆشە: زانستی سیاسەت سروشت، سەرەتاکان، ڕەوتەکان، مەیدان و ئاکامەکانی دەسەڵات و هێز لە کۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنێ و بەراوردی دەکا. دیارە نابێ لە مانایەدا "دەسەڵات" بەو شێوە لێك بدەینەوە کە هێزێکی زۆردارە.

بناخەی هەڵسوکەوتی دەسەڵات و کاریگەری ئەندیشە بە سەر مرۆڤدا بە شێوەی گشتی لە فەلسەفە و دەروونناسی سیاسەت دا دەردەکەوێ. باس لە بارەی داواکان و مەبەستەکانی دەسەڵات بەرادەی خوێندنەوەو زانینی کردەوەکانی دەسەڵات گرینگی هەیە. لە گەڵ ئەوەش هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی دەسەڵات، سیاسەت ناس لە ناوەندەکانی حکومەتەوە بۆ ناسین و شرۆڤە کردنی ناوەندەکانی دیکەی وەك یەکیەتی کرێکاری، ناوەندە دینیەکان، شیرکەتە بازرگانیەکان و هاوشێوەی ئەوان رادەکێشێ. لە ڕاستیدا موتاڵا کردنی هەر نەوعە کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوەێیك کە خولیای دەسەڵات بێ و هەوڵی کاریگەریی دانانی بە سەر کۆمەڵگادا بێ، بە زانستی سیاسەتەوە پەیوەندی هەیە. بەو پێ یە مەبەستی زانستی سیاسەت هەموو کردەوەکان و ناوەندەکانی کە بە دەسەڵات و هێز و کاریگەری دانان بە سەر کۆمەڵگا پەیوەندی هەیە لە خۆ دەگرێ.

لە زانستی سیاسیدا هەڵسوکەوتی سیاسی ( مانای هەوڵ بۆ دەسەڵات) دەستە و ناوەندەکان، ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی کە بە جیاواز لە دەوڵەت هەوڵ دەدەن لە سیاسەتی گشتی و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەبێ، هەڵدەسەنگێنێ. ئەو لێکدانەوەیە بۆ هیچ دەورەێیکی تایبەت لە مێژوو هەروەها بە هیچ سەردەمێکی دیاری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە دیاری ناکرێ، مەگەر بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکان بێ. بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی مێژوو هەروەها لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگا دەتوانین بەرهەمەکانی ئەزموونی کە زانستی سیاسەت پێویستیەتی وەدەست بێنین.

شیکردنەوەی زانستی سیاسەت لەم سەردەمەدا: هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دیاردەکان و ئەو ڕەوتە سیاسیەی هەیە بەشی سەرەکی لە ئەرکەکانی عیلمی سیاسەتە. ئەو هەڵسەنگاندنە سەرنجی تێگەیشتن و حاڵی بوون لە سیاسەتی باو لە کۆمەڵگادا و هەروەها دەستە و ڕێکخراوەکانە کە مەبەستیانە بگەن بە دەسەڵات و ببنە خاوەن پشتیوانی جەماوەر دەدا. زانستی سیاسەت، تایبەت بە تێگەیشتن لە دەوڵەت، ڕەوت و کارکردەکانی، ئامانج و کارە تایبەتیەکانی، هەروەها موتاڵا و بەراوردی پەیوەندی لە گەڵ هاووڵاتیان و دەستە جیاجیاکان، هەروەها پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەکا.

لە ڕاستیدا پەرەسەندنی مافی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، لایەنێکی نوێی بۆ هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی زانستی سیاسەت زیاد کردووە و بە مەعنایێکی دیکە زانستی سیاسی بۆتە زانستی سیاسی جەماوەریی لە جیهان.

لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کرداری سیاسی، بە تایبەت دەنگ دان، لە ئێستادا، جێی پرسیارە. بەڵام سەنگ و سووك کردنی ڕای گشتی و سەرژمێریەکانی هەڵبژاردن بەرهەم و دەسکەوتە پێویستەکان بۆ ئەو لێکدانەوانە فەراهەم دەکا و ئەو لێکدانەوانە زانیاری زۆر لە بارەی مەبەستەکانی دەنگدەران دەردەخا.

زانستی سیاسی، تێگەیشتن لە ڕابردوو: هەڵسەنگاندنی هێز و دەسەڵات، و کاریگەری لە ڕابردوو بە تێگەیشتن و ناسینی ناوەندەکان، یارمەتی بیرکردنەوەکان و ڕەوتەکانی ئەم سەردەمە دەدا. ئەو لایەنە لە خوێندنەوە و موتاڵا کردنە، هەوڵ و تێکۆشانی ئەوتۆ لە خۆ دەگرێ لە سەردەمی کۆن و باستان بە باو بوون تا لە دەوڵەت، حکومەت، ماف، هەڵسوکەوتی سیاسی لێ تێگەیشتن وەدەست بێنێ و بە ئاکامی ئەوتو بۆ شرۆڤە کردن و تاقیکردنەوە بگا. هەروەها لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی سەرەتایی ژیانی سیاسی ڕێکخراودراو، پێ گەیشتن و تەکمیل بوونی شکڵ و شێوە سیاسیە سەرەتاییەکان تا ئاڵۆز و حەستەمەکان و هەروەها هەڵسەنگاندنی مێژووی گەڵاڵە کردنی قانوونی ئەساسیە. زانستی سیاسی بریتیە لە هەڵسەنگاندنی بەش و شێوەکانی ئەندیشە و بیری سیاسی و هەروەها تێگەیشتن و ناسینی شوێن و جێگەی دەستەکان و ڕێکخراوەکانی خوازیاری دەسەڵات و خاوەن جەماوەر لەکۆمەڵگایەدا.

زانستی سیاسەت، پێشنهاد دەری سیاسەت: مەبەستی کۆتایی هەڵسەنگاندنی زانستی سیاسەت ئەوەیە کە دیاردە سیاسیەکان بەو شێوە بناسێ کە بە بڕیاری بەکردەوەی سیاسەت کە دەبێ جێبەجێ بکرێ ئاکامی هەبێ. لەو پێوەندەدا شارەزایانی سیاسەت ڕێگەوشوێنی ئەزموونی و تەجروبی و مێژوویی و پێوانەیی تێکەڵ و ئاوێتە دەکەن. لایەنگری گشتی لەو ڕێگە و شوێنە ئاوێتەو تێکەل بووە ئەوەیە کە خەت و ڕێگەکان و گەرمەی ئاڵوگۆڕەکان بدۆزێتەوەو ڕەوتە سیاسیەکانی کە لە ڕوانگەی مەبەستەکانیانەوە گەرکیانە پێ یان بگەن، لێکبداتەوە و هەڵسەنگێنێ. پێشنهاد کردن و گەڵاڵە دانان بۆ چاکسازی پێك هاتەی ڕەوتە سیاسیە مەوجودەکان، بەشی قەبووڵ کراوی زانستی سیاسیە.

زانستی سیاسی، لە سەرەتای شکڵ گرتنی: لە گەڵ بوونی ئەو ڕاستیە کە بیر و ئەندیشەی سیاسی زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ تەمەنی هەیە، زانستی سیاسی تا ئێستاش لە دەورە و سەردەمی کاڵی و منداڵیدایە. ئەرسنت بارکر، یەکەمین ئوستاد و زانای زانستی سیاسەت لە کیمبریج، لە ووتەکانی سەرەتایی خۆیدا لە بارەی زانستی سیاسەت گوتی ژمارەیەك سیاسەت بە نارون و جێی گومان و کێشە خولقێن دەزانن. زانستی سیاسەت، بە بەراورد لە گەڵ مێژووی کە ئاڵۆزە و بەراورد ناکرێ، لە بەراورد لە گەڵ حقوق یا ئابوری ڕێوشوێنی تایبەت و ووشە فەنیەکانی وەرگیراوە. لە بەراورد لە گەڵ زانستی سروشتی و ژینگە دا، دوورە لە دیقەت و وردەکاری و مەبەستی ڕوون. بەڵام ئەگەر زانستی سیاسەت لە گەڵ کۆمەڵناسی بەرانبەر بکرێ، سادە و ئاسایی بەرچاو دەکەوێ زانستی سیاسەت، ئەگەر چی لەم سەدەی کۆتایی زۆر بەرەو پێش چووە، بەو جۆرەش لە حاڵی ئاڵوگۆڕی یەك لە دوای یەك و بەرەو پێش چوون و گەشە سەندندایە.

### *٤ـ دابەش کردنی زانستی سیاسەت*

یونسکۆ لە ١٩٤٨. کومیتەێیکی پێك هێنا تا پەیڕو پروگرامی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی زانستی سیاسەت ئامادە بکا، بابەتەکانی تایبەت بە زانستی سیاسەتی بەم شێوەیە پێناسە کرد.

### *١ـ بۆچوون و نەزەریەی سیاسی*

الف ـ نەزەریەی سیاسی

ب ـ مێژووی بیروئەندیشەی سیاسی

### ٢ـ حکومەت:

الف ـ قانوونی ئەساسی

ب ـ حکومەتی نەتەوەیی

پ ـ حکومەتی ناوچەیی و (پاریزگاکان ـ ولایەت)

ت ـ بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی

س ـ ئەرکی ئابوری و کۆمەڵاتی حکومەت

ج ـ ناوەندی سیاسی و ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردن

٣ـ ڕێکخراوەکان، دەستە و ناوەندەکان و ڕای گشتیی

الف ـ ڕێکخراو، حیزبی سیاسی

ب ـ دەستە و دامەزراوەکان و کۆبوونەوەکان

پ ـ بەشداری هاووڵاتیان لە حکومەت و ئیدارەی گشتیی

ت ـ ڕای گشتیی

٤ـ پەیوەندی نێودەوڵەتی

الف ـ سیاسەتی نێودەوڵتی

ب ـ ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان

پ ـ حقوق و مافی نێودەوڵتی

زانستگاکانی ووڵاتان بە پێی پێداویستیەکانیان، ئاڵوگۆڕ لەو دابەش کردنە دەکەن، بەڵام چوارچێوەی گشتیی باسەکان و مەوزوعەکانی زانستی سیاسەت، هەر بەو شێوە دەبێ کە یونسکۆ پەسەندی کردووە

**ئایا سیاسەت عیلمە؟**

تا ئێستاش بەو گومانەی کە هەڵسەنگاندنی دیاردە سیاسیەکان لە ناوەڕۆکدا دەکرێ زانستی بن، قسە کراوە. بەڵام لە مەڕ ئیعتباری ئەو گومان و شکە، دوودڵی هەیە و پێویستی بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی زیاترە.

ژمارەێیك کە لە بارەی سیاسەت نووسیویانە و بەراوردیان کردوە، ئەوەیان قەبووڵ نەکردووە کە بەشێك بە ناوی زانستی سیاسەت دروست بووبێ. لە ساڵی ١٨٤٣، جان ئیستوارت میل، گومانی لە عیلمی بوونی سیاسەت دەربڕیوە. لە ساڵی ١٨٥٧، بۆکلە ڕایگەیاندکە لە هەلومەرجی ئێستای زانستی مرۆڤایەتی، سیاسەت لە زانست و عیلم و زۆر دوورە و یەکێك لە دواکەوتووترین بەشەکانە. لە گەڵ ئەوەی لە ماوەی ١٥٠ ساڵی ڕابردوودا لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکان لە سەر دیاردە سیاسیەکان پێشکەوتنی زۆر وەدەست هاتووە، بەو جۆرەش ژمارەێیك لە زانایان تووشی گومان و دڵەراوکێ هاتوون. بەو پێ یە دەبێ لە بارەی ئەوەی چی (عیلم) دروست دەکا، هێندێك لێکۆڵنەوەی بکرێ تا بتوانین بیروبۆچوونێکی ڕاست لەو پێوەندەدا دەربڕین و ڕاگەێینین.

لە پێناسە کردنی عیلم گوتویانە شێوەێیك لە زانیاری و زانستی کۆمەڵایەتیە کە ئەرکی ناسینی قانوونی **(منظم)** و زاڵ بە سەر سروشت و کۆمەڵگا و ئەندیشە و دۆزینەوەی شێوە بە کار هێنانی لە کردەوە دایە.

عیلم، زانیاری و زانستی مرۆڤە کە لە گەڵ ڕاستیەکان یان ئەو ڕاستیەی سازمان دراون وکردەوە و قانونی گشتی نیشان دەدەن، پێوەندی هەیە. زانست ڕاستیەکان کۆ دەکاتەوە و بە سەرنج دان بە پێوندیەکان، هۆکان و ئەگەرەکان پێکەوە پێوەند دەدا بەو مەبەستەی کە ئاکامێکی باوەڕ پێکراو و جێ متمانە وەدەست بێنێ.

زانستی عیلمی بناخەی لە سەر عەقڵ و بەڵگە هێنانەوەیە، بەو پێ یە دەکرێ بۆی بچێ و بیدۆزیەوە و دەکرێ لە ڕێگەی ئاخاوتنەوەبگوازرێتەوە. تایبەتمەندیەکانی بنەڕەتی و سەرەکی عیلم بریتیە لە: الف ـ بە توانا بوون لە خستنە بەردەستی فرمولێکی ڕێك وەدەقیق، بەردەوام و پێکەوە گرێدراو، ب ـ بە توانا بوون لە گشتی کردن و پێش بینی کردن، پ ـ بە توانا بوون لە بە دوادا چوونی دەسکەوتەکان و گشتی کردن، بەو تایبەتمەندیە بنەڕەتیانە کە باسمان کرد دەکرێ دوو تایبەتمەندی دیکەش زیاد بکەین.

١ـ ڕێکەوتن لە بارەی ڕەفتار و ئاکامەکان بە باشی، ٢ـ بارهێنانی ئەو کەسانەی کە بە کاری عیلمیەوە خەریکن.

بەڵام بە باوەڕی ژمارەێیکی دیکە، ئەوەی عیلم دیاری دەکا ئەوەیە کە بە شێوەی دیار لە لایەنی هەڵسوکەوت ناسی لە سەر بناخەی عەقڵ بێ و خاوەن ئەزمونی و خاوەن توانای پێش بینی لە زەرووریەتەکانی عیلم بە ژمار نایێ. عیلم لە سەر بوونی شێوە ڕێك و مونەزەمەکانی لێکۆڵینەوە پێ دادەگرێ. بە باوەڕی هاکسلی، عیلم کۆمەڵێك نەزمە لە زانست کە سەرچاوەی لە عەقڵ و بەڵگە و دەلیلەوە بێ.

زانستێك کە لە گەڵ دیاردەکانی سروشتی پێوەندی هەیە بە زانستی سروشتی و زیندەوەر ناسی دەناسرێ و زانستێك کە لە گەڵ دیاردەکانی کۆمەڵایەتی پێوەندی هەیە پێ ی دەگوترێ زانستی کۆمەڵایەتی، بەو تەعریفە زانستی سیاسەت لە بەشی دووهەمدا جێی گرتووە.

هەروەك دەست نیشان کراوە، ژمارەیەك لە لێکۆڵەرەوان، زانستی بوونی لێکۆڵینەوەی سیاسی بە دروست نازانن . ئوگۆست کۆنت، سەر تۆپی کۆمەڵناسی، ئەو بیروبۆچوونەی هەبوو.

١ـ لێکۆڵەرەوانی سیاسی لە بارەی ڕێوشوێنەکانی هاودەنگ و هاوباوەڕ نین، ٢ـ بنەماو ئاکامەکانی بە شێوەی گشتی قەبوڵ نەکراوە، ٣ـ ئاڵوگۆڕ و گەشە کردنی بەردەوام نیە، ٤ـ ناتوانێ هۆ و ئیمکانێك بۆ پێش بینی ئامادە بکا. لە گەڵ ئەو دژایەتیانەی کۆنت، ڕەخنەگرانی دیکە چەندین ئیرادەی دیکەیان زیاد کردووە، ٥ـ دیاردە سیاسیەکان بە ڕادەێیك ئاڵۆز، جۆراوجۆر و تێکەڵ و پێکەڵن کە ڕێوشوێنە زانستیەکان لە هەڵسەنگاندنیان بێ توانان، ٦ـ ئەو هۆیانەی کە کاریگەری لە سەر دیاردە سیاسیەکان هەیە دیاری کراو نین بەو پێ یە سەلماندنیان و کۆنترۆڵ کردنیان گرانە، ٧ـ بێ توانایی لە لە کۆنترۆڵ ێ کاریگەری دانان بە سەر دیاردە سیاسیە پێش بینی کراوەکان و ئاکام وەر گرتن لێ یان گران و تەنانەت مەحاڵە، ٨ـ کەسایەتی و جیهانبینی لێکدەرەوە زۆر جار کاریگەری دەبێ لە سەر ڕاستیەکان و ئاکامەکانی کە بە دەستی دێنێ.

تەنانەت ئەگەر سەربەخۆش بێ، ناتوانێ وەك لێکۆڵەرەوەی زانستی سروشتی زیندەوەر ناسی بێ لایەن بێ. بارهێنان، فێر کردن، ناوەندی کۆمەڵایەتی و کارەکەی لە سەر جیهان بینی و هەروەها لە سەر ئەنجامی بەراوردەکە و کاریگەری دادەنێ و لە ئاکامدا، بە هۆی نەبوونی کەلوپەلی دەقیقی ئەندازە گرتن،(تعصب)و خۆبینی لە دیاری کردنی ئاکامەکان کاریگەری دەبێ.

تەنیا ئەو ڕەخنەگرانە نین کە لە ناوەڕۆك ولێکۆڵینەوەی زانستی سیاسی گومان یان هەیە. ژمارەیەك لە سیاسەت ناسانیش لەو پێوەندەدا ڕەخنەیان گرتووە. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٤٦، بۆرگان، لە قسەکانی لە زانستگای کیمبریج گوتی: ئەمڕۆ دەبێ گومانمان هەبێ لەوەی کە ئایا بەشێکی زانستیی بە ناوی زانستی سیاسی وجودی هەیە، گومانێك کە بۆ ڕابردووەکان بە لایەنی عیلمیەوە نەناسراو بوو.

لە ووتەی ڕەخنەگران هێندێك ڕاستی دەبێندرێ. لە ڕاستیدا هەڵسەنگاندنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەی زانستی ئاسان نیە و لێکۆڵینەوە و موتاڵا کۆمەڵایەتیەکان، بە پێ ی ئەوەی کە هەن ، ناتوانن وەك زانستی ژینگەیی و زیندەوەر ناسی دەقیق و دروست بن. دیارە ئەوەی کە ڕەخنەگران هەر جۆرە ئەگەرێك بۆ موتاڵا کردنی زانستی سیاسی ڕەد دەکەنەوە، تا ڕادەیەك زیادەڕەویە. ئەوان لەوانەیە تەنیا ئەوە قەبوڵ بکەن کە ئەوەی بە موتاڵا کردن و لێکۆڵینەوەیەك تایبەتمەندی زانستی دەبەخشێ، دقیق بوون لە کۆپی هەڵگرتن و بە توانا بوون لە پێش بینی دایە. کە ئەوە لە ڕاستید، تێگەیشتنێکی ناتەواو لە سروشت و ناوەڕۆکی عیلمە. هێندێك زانستی سروشتی هەیە کە بە دروستی پێش بینی ناکرێ، وەك زانستی ئەستێرە ناسی. ئایا دەبێ زانستی بوونی ئینکار بکەین؟ ئەی بۆ چی دەبێ بمانهەوێ زانستی کۆمەڵایەتی لە ڕادەبەدەر ڕوون و دەقیق بێ.

ئەگەر متمانە پێ کردنی گشتی و ڕاست بوون لە پێش بینی و پێش تر خوێندنەوە، تاکە پێوانەی زانستی بوون نیە، ئەی چ شتێکی دیکە زانستی بوونی موتاڵا و خوێندنەوەێیك دیاری دەکا؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵەین ئاکار و کردار سەرچاوەیەکی لێبڕاوانەی ئەو پرسیارەیە. ئەگەر ڕێوشوێنەکانی، موتاڵا کردن و خوێندنەوەێیك زانستی بێ و هەروەها لێکۆڵەرەوانی خاوەن پێگە و قسە ڕویشتوو بەکاریان بێنن، هەڵسەنگاندنی بابەتەکە شێوەی زانستی بە خۆی دەگرێ.

***